# پشکنینی نهێنیەکانی خۆسوتان

مەجید عەزیز
بەشی سێهەم

ڕەنگە پرسیاری ئەوە بکرێت، ئایا لەبەر چی و بۆچی ئەم بونەوەرە، ئاوا بەو شێوەیە خۆی دەسوتێنێت لە ڕوی دەرەوە، بەو شێوە زۆر تراژیدیەیە؟ کە دەڵێم لە ڕووی دەرەوە، دیارە، مەبەستم لە سوتاندنی جەستەکەی خۆیەتی. بەڵام، ئایا لەم هەستەدا، فۆرم دەبێتە جەستە، یان دەبێتە جەستەو لە هەمان کاتیشدا ئەو شتەی لەناو خودی جەستەکەدایە (ڕۆح)؟ بیگومان دەتوانین هەزارەها جار بڵێین بۆچی وادەکات؟ بەڵام ئایا ئەم بۆچیەیە، بەرەو کوێمان دەبات، و دواییش خودی شتەکان بێهودەتر ناکات؟ بەهەرحاڵ، وا دەکات، چونکە لەبەر ئەوەی (ناوەو دەرەوە)ی بونەتە یەک، ناوەوەو دەرەوەی هەمیشە لەناو یەکەیەکدا دەتوانن هەبن. کە جەستە خۆی ئازار دەدات (خۆیدەسوتێنێت، دیارە دەروون و پلانێکی عەقلانی وایلێدەکات) واتە جەستە هەرگیز لە دەرەوەی (دەروون یان ڕۆح) دا نیە، چونکە بەبێ بونی لاشە، هیچ شتێکمان نابێت. هەروەکو چۆن، لە بینین و تەماشاکردنی (جەستەیەکی سوتاودا) هەمو بیرۆکەو دەروونی کەسە بکەرەکەمان دێتە پێشچاو!!! چیدی ئەوەی لە خۆسوتانی ژنی کوردا دەبیینین، بەهەمو شێوەیەک چیرۆک و بیرەوەری و مێژووی ڕۆحی ژنی کوردە لەناو پەیوەندیەکانی ناو خێزاندا- کۆمەڵگاکەیدا بە کورتی لەناو شوێندا، ئەو شوێنەی مۆڵەت و فرسەتی بون و دەرکەوتنی (جەستەکەی) نادات یان نەداوە. چونە ناو جیهانی خۆسوتانەوە (مردنەوە) گەڕانە بە دوای جۆرێک لە چارەسەرکردندا، کە بۆ خۆی بە هەمان سەرەتا کۆتایی پێدێت کە تیایدا دەژی، وەکو چۆن ئارەزوو ئازادیەکانی ڕاگیراوەو سنوردار کراوە. خۆ سوتاندن، ئەو جیهانەیە، کە بەهەمو شێوەیەک پێمان دەڵێت -ئاگر- بونی هەیە. وە ئاگر دەتوانێت شتەکان لەناو ببات. بە هەمو شێوەیەک، حەقیقەتی بونی مرۆڤمان پێدەڵێت، کە دەتوانێت خۆکوژی بکات و خۆی لەناو بەرێت. بەڵام ئەگەر لێرەدا تێنەگەیشتن و پرۆژە بۆ ئەم هەلومەرجە نەبێت، ئایا خودی بینینەوەی بێخەمی و ساردوسڕی تەواوی هەلومەرجەکەیشمان نابێتە هەمان ئەو حەقیقەتەی، وەکو چۆن هۆکارەکانی دڕندەیی و سیستەمی پیاوسالاری و باروودخی نامرۆڤانە لەناو ئەو شوێنەدا لەبەرزترین پلە کانیدایەتی؟ بێگومان، خۆسوتانی ژنان، بە هەمو ئاستێکیەوە، پێمان دەڵێت، کە ئاگر لەناو بون و دونیادا هەیە. هەرچەندە (ئاگر) کاراکتەرێکی فراوانی هەیە، و دەتوانێت زۆر شتمان پێ بڵێت. بۆ نموونە، (ئاگر دە توانێت بسوتێنێت، واتە ئاگر لێرەدا فۆرمی جەنگ و خاپورکردن و سوتاندنی هەیە، تەنانەت ئاگر دەتوانێت هەستی شیعری و ڕۆمانتیکی ببەخشێت لەوەرزی سەرمادا بۆ نموونە ئاگر دەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆچێکردنی خواردن و خۆگەرمکردنەوە. وەکو هیراکلیتیس دەبینێت، وە بە میتافۆری جوڵانەوەو گۆڕان تەماشای دەکات لەناو جیهاندا، وەکو لەناوبردن دەبینێت، وە دەتوانێت شتە کۆنەکان بسوتێنێت، وە دەتوانرێت ببیندرێت لە ڕوناکردنەوەیشدا لەبەردەم تاریکیدا، بێگومان ئاگر زۆر مانای گرنگ و جەوهەری خۆی هەیە، کە پابەندە بەبونمانەوە لەناو جیهاندا، واتە ڕەگەزێکی بێئەندازە گرنگە لە بۆ ژیان، لە زۆرینەی ڕیتواڵ و بۆنەو فیستڤاڵەکاندا، ئاگر شوێنی تایبەتی خۆی هەیە و بەکار دەهێندرێت). لێرەدا کاتێک ئاماژە بە هیرالکیتس دەکەم سەبارەت بە ئاگر، لەهەمان کاتیشدائەفسانەکەی (پرۆمیتۆیسم) وە بیر دەکەوێتەوە بە ڕاستی. چونکە پرۆمیتۆیۆمیس، ئاگر لە خوداکان دەدزێت و دەیداتە دەست ئادەمیزاد لەسەر زەوی. پرۆمیتیۆسی ئاگر دز لەدەستی خوداکان، بەم کردارەی دەیەوێت شەهامەتیەکانی مرۆڤ لەسەر زەوی بە بێنرخ نەبیندرێنەوە لەلایەن خوداکانەوە، بەڵام خوداکان سزای بەسەردا دەسەپێنن، پرۆمیتیۆس بۆ هەمیشە یاخیدەبێت و دەستەمۆی کۆدەکانی ئەوان نابێت. بەڵام ئەگەر، هەرچەندە خۆکوژی (ژنانی) کورد وەکو شەپۆلێکی پرۆمیتۆمیۆسانە تەماشا بکەین، یان لە ژێر ئەو کاریگەریەدا لێکیبدەینەوە، ئەوا لێرەدا ئەوەی لەبەردەمماندا دەبێتە گەورەترین ڕێگرو قەڵای پۆڵایین، لە ڕاستیدا کۆدی خوداکانن، وە بەمەیش دیارە مەبەستمان لەکۆمەڵگایەکی ئاینی و تەقلیدیە. بێگومان ژنانی کورد، ئاگرەکانیان بە دەستەوەیە، ئاگر دزەکانی ناو کۆمەڵگایەکی ئاینی و پیاوسالارن، لە شەوی بیرکردنەوەکانیاندا بە دیار بیری ئاگرەوە نانون ئەوە ئەوانن، ئاگری خوداکانی (سیستەمی پیاوسالاری) دەدزن، بەڵام بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بسوتێنن. دەمەوێت بڵێم، یاخیبون و بەرگریکردن بونی هەیە لەو فۆرمە پرۆمیتۆمیسایانەیدا بەڕاستی، هەرچەندە لە لای ئێمە مۆڵەتی کردنی (واقیع بۆ ئەفسانە) هەندە ئاسان نیە، چونکە واقیعێکی بە هێزتر خۆیدەسەپێنێت بە سەرماندا، ڕەنگە خوکوژی ژنان، تاکو نیوەی ڕێگا بتوانن یارمەتیمان بدەن لەبەردەم دەنگکردن و یاخیبونێکدا کە بە هەمو شێوەیەک بانگی ئەفسانەکەی پرۆمیتیۆس دەکات. بەڵام مۆڵەتەکانی ئەم یاخیبونانە، بۆ هاتنە دەرەوەو خۆنمایشکردنەکان لەناو شوێندا تیرۆر دەکرێن، تیرۆرکردنی خۆشیان هەر بەشێکە لەهەمان پرۆسەی تیرۆرکردنەکە ئەگەر، ئەم وتنەی سەرەوەم، مەجالی لۆجیکی تیادا بێت، کەواتە دیاردە ی خۆکوژی و خۆسوتانی (ژنان) ڕەنگە بەرەو زیادبونیش بڕوات تاکو ڕادەیەک لەناو کۆمەڵگای کوردیدا. لەگەڵ هەر ساتێکی کردنەوەو پلورالیزمبونی کۆمەڵگای کوردی، ئیمکانی زیاتری خۆکوژی هەیە، چونکە ڕاستە کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام دوژمنەکانی کۆمەڵگای کراوەیش هەمیشە لە هەمو ساتێکی تریاندا زیاتر توشی دەمارگیری و ڕادیکاڵیزمی خۆیان دێن. چونکە نیگەرانیەکی بەرفراوان هەیە و لە هەمو لایەکەوە دەرژێتە ناو پەیوەندیەکانەوە لێرەدا بەڵگەیش بۆ تیرۆرکردنی فۆرمی یاخیبونەکان، دەنگ هەڵبرینی ژنانە لە ئاست هەلومەرجەکانی ستەمکاری، کە خودی خۆکوژیە، وە خۆکوژی بە دیلێکی پاسیڤیش نیە بەو ڕادەیەی هەندێک کەس دەیبین لە ڕاستیدا، چونکە ئاگری خۆسوتاندنەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری دەبێت لەسەر خودی پەیوەندی و جوڵاندنەوەکانی ناو کۆمەڵگا، کەسی خۆکوژ ڕاستە دەبێتە قوربانی، بەڵام لەپێش ئەوانی ترەوە خۆی دەکاتە قوربانی، بۆ ئەوەی توندوتیژی ناو کۆمەڵگا ببیندرێت و هەستپێبکرێت و وەکو دیاردەو سیمبول بخوێندرێتەوە.

ڕاستە خۆکوژی هەڵگری مردن و نیگەتیڤیەتە لە خۆیدا، بەڵام بە هەمان شێوەیش پێمان دەڵێت کە چۆن ئەم ستەمکاریە، دەتوانیت ئاگرمان تێبەربدات و بمانسوتێنێت، کەواتە لەناو کرداری خۆسوتاندنەکەدا، زووتریش ئاماژە بە خودی کۆمەڵگایەکی پاسیڤ و مردوو دەکات. خۆکوژی ژنانی کورد، وەکو فینۆمینۆیەکی تێکەڵەی کۆمەڵایەتی- سایکۆلۆژی، بە هەمو شێوەیەک ئاماژەکردنە بەهەلومەرجە زۆر ڕادیکاڵەکانی چەوساندنەوەو ستەمکاری، ئاماژە کردنە بە بونی خوداکانی سیستەمی خێزانی پەتریارکیەکی بەردەوام. کە بە هەمان سیمبولیزمی خوداکانی وەکو (زوس) کە پرۆمیتۆیس ئاگرەکەی لە دەست دەفرێنێت دەتوانین بەراوردی بکەین. بەڵام پرۆمیتۆیس بانگەشەی خۆسوتان ناکات، ئەمەیە کە دەبێت لەناو کۆمەڵگای تەقلیدیدا زیاد بکرێت. دیارە لەبەر ئەمەیە، خوێندنەوەی (ئەفسانەکان) تەنیا خۆراکن و بیرکردنەوە دەوڵەمەند دەکەن بۆ ئێمەی مرۆڤ لەناو جیهانی هاوچەرخدا وە هەروەها، ئەو ئەفسانانە هەمیشە بە هەمو جۆرێک نمایشی ستراکتۆری دەروونی مرۆڤیش دەکەن لەناو بون و جیهاندا. بونی ئاگر، تەنیا وێنەی قوربانیدانەکە نیە لە ڕاستیدا، بەڵکو سیمبولیزمی یاخی بونێکە بۆ تەماشاکردن و ئەنەلایزە کردنیشێتی، ڕیاکشنێکی تەواوە، بەڵام لەسەر بنەمای خودگەرایی، واتە (بڕیاری خۆکوژەکە)یە.

باسکردن لە خۆکوژی ژنان وەکو پیاوێک، ئەگەر ئەمە شتێکی گونجاوبێت بۆ گوتن، پێوستیەکی وجودی دەسەپێنێت بەسەرماندا (بەسەر مندا) لەبەردەم بە ڕپرسیارێتی قوربانیەکانی ئەم قەیرانە گەورەیە" لە خۆمم ئەپرسی بۆ هیچ هەڵوێستێکم لە بەرامبەر ئەو خۆسوتاندنانەدا نیە؟ ئەم پرسیارەو کۆمەڵێک پرسیاری تری لەم بابەتە هەستی تاوانباریان لە مندا ئەوروژان" وە هەروە ها کاک (عەتای نەهایی) لەو وتارەیدا لەسەر خۆکوژی ژنان، کە بە پێویستم زانی چەند وەرگرتنێکی لێوەربگرم و ئاماژە بە بابەتەکەیشی بکەم. چونکە نوسینی ئەوتۆتمان لەسەر ئەم دیاردەیەی خۆکوژی و خۆسوتانی ژنان هەندەنیە، یان هەر نیە، لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی ئاماژە ی بۆ بکەم. وە بتوانم هیچ نەبێت هاوکاری و بەشداریم بکات وەکو تێکەڵکێش و چرکردنەوەی بابەتەکەم لێرەدا. وە هەرچەندە، ڕەنگە لێرەو لەوێیش، لە گۆڤارو ڕۆژنامەو هەفتانەمە ئاماژە بەم دیاردەیە کرابێت. بەڵام" بێزاری و نارەزامەندیەک کە لەهەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا بەشێوەی بێدەربەستی و بێهەڵوێستی گشتی و هەوڵ و شاردنەوەو فەرامۆشکردن دەرئەکەوێ" (هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٣) ئەم ئاماژە بۆکردنە، کە گرنگیەکی تەواوی هەیە، لە ئاست دەستنیشانکردنی چەند دیوێک بۆ ئەم قەیرانە. ئەویش، جگە لەوەی کە هەلومەرجەکانی ناو کۆمەڵگایە، کە بەرهەمی دەهێنێت، لە هەمان کاتیشدا، بونی بێدەنگی" بێدەربەستی و بێهەڵوێستی" لە بەرامبەر خودی دیاردەکەدا هەیە، ئەمەیش "فەرامۆشکردن" بەرهەمدەهێنێت. ئەم ڕەخنەیە، تەنیا لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکە نیە لە ئاست هێنانی قەیرانگەلی بەم شێوەیە، بەڵکو ڕەخنەیە لە ئاست فەزای ڕۆشنبیری و ئینتیلێکتوالیتەی کوردیشدا بەگشتی، کە ئەم ڕۆشنبیریە بۆچی هیچ ناڵێت!! بەڵام، ئەمە لە جێگای خۆیدا، هەرچەندە هەندێک لەو بیروبۆچونانەی نوسەر بە شێوەیەک دەبینمەوە، نەوەک (ناکۆک) ببم لەگەڵی، بەڵکو تەنیا ئاماژە پێدانی بۆ دەکەم، کە ڕەنگە بە شێوەی تر بیخوێنمەوەو بیانبینمەوە، بۆ نمونە، لە پێناسەی خۆکوژیدا، دەڵێت، خۆکوژی "کەوتنە ناو مەنتیقێکە جیا لەمەنتیقی بون" (ل،٢٣٨)، بێگومان، خۆکوژی بریتیە لە جێهێشتنی هەمو شتێک لەناو بون و ئەم جیهانە دا، بەڵام هەر ئەم بون و جیهانەیشە، وا لە کەسی (خۆکوژ) دەکات ئەو بڕیارە زۆر تراژیدیاییە بدات، کە وابێت، لێرەدا جۆرێک لە فەرمی ڕەوایەتی بە مردن دەدرێت ئەگەر ئەمە ببێت. بەڵام نوسەر ئەمەی ناوێت، بەڵکو (بەدیلی) دەوێت. چونکە لە نوسینەکەیدا، ئاماژەی بە خۆکوژی کردوە وەکو جۆرێک لە بێبەدیلبون و هەروەها ڕاکردن، یان بێچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەیش هەر لە جێی خۆیدا، بەڵام داواکردنی بە دیل، هەندێک جار بۆ خۆی لەو شێوازەی کە داوا دەکرێت، تارماییەکی ئەخلاقی (مۆرالی، بە مانا ئاینیەکەی) یان فیکرێکی ئایدۆلۆژی بە جێدەهێڵێت. خۆکوژی ڕاستە بە دیل نیە، بەڵام ئەم خۆکوژیە ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوەو هەروەها هاندانی بەرپرسیارێتی و ئیشکردن و دامەزراندن و پرۆژەی جددی لەناو ئەو شوێنەی دیاردەکەی لێ ڕوودەدات!!

وە قولتر، ئاماژە بەمە دەکات، دەڵێت" تەنیا مرۆڤی خۆکوژە بە واقیع دەمرێت" (هەمان سەرچاوە) واتە، واقیعێک کە وای لە خۆکوژەکە کردوە بڕیارێکی بەو شێوە بدات، هۆکارو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانن لەناو شوێندا وایلێدەکەن" واقیع"، وە دەبنە هاندەری لە دایکبونی بڕیارە زۆر گرانە سایکۆلۆژیەکان لێرەدا هەروەها دەڵێت" خۆکوژی واقیعیترین تەجروبەی مردنە" (هەمان سەرچاوە)، ئەگەر خۆکوژی واقیعیترین تەجروبەی مردن بێت، ئەوا ڕەگی سروشتی، مەرگێکە ناواقیعی؟ ئەمە جێگای تێڕامانم بو لە ڕاستیدا، لەبەر ئەوە بو ئاماژەم بۆ کرد. چونکە ئەگەر لە قەیرانی مردن بکۆڵینەوە، ئەوا دەبێت خۆمان لە بەردەم سیۆلۆجی مردنیشدا ببینینەوە، ئەمەیش باسێکی ترو جیاوازتر و حەساسترشە. وە لەهەمان بابەتدا، نوسەر لەسەر بڕیاری خۆکوژی، دەڵێت" ئەم بڕیارە ئەگەرچی بەرئەنجامی چەشنێک مەعریفەو تێگەیشتنە کە لە ژیانەوە سەرچاوە ئەگرێ، بەڵام هیچ جۆرە مەعریفە و تێگەشتنێک بۆ ژیان داناهێنێ" (هەمان سەرچاوە ل،٢٣٩) ئەمە زۆر ڕاستە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، وەکو شتێکی ناکۆک بێت لە خۆیدا وایە. چونکە ئەگەر دیاردەکە ،سەرچاوەی مەعریفە و تێگەشتن بێت و هەروەها لە خودی ژیانیشەوە بەرهەمبێت، وە لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ بەرهەمێکی بۆ ژیان نابێت؟ ئەمە ڕاستە، لە کاردانەوە زۆر زاتیەکەیدا، کە مرۆڤ وەکو (خۆی) ژیان لە دەستدەدات و دەڕوات، بەڵام بە دیوێکی تریشدا هەر ڕاستە، کە نوسەر ئەوە نابینێت، کە ئەم خۆکوژیەی وەکو ببێتە چرکە ساتی خوێندنەوەی هەمان (کۆمەڵگا) بۆ ئەوانێکی دی، کە بە هەمان ڕۆحیەتە وە هەمان کاردانەوەو تورەییان هەیە لەناو پەیوەندیەکاند؟ واتە، خودی خۆکوژیە کە ڕاستە، لەسەر ژیانو بونی خۆ بە قوربانیدان کۆتایی دێت، لە هەمان کاتیشدا، وەکو ئاماژە بەوانی تر بدات وایە، چونکە لە"مەعریفەو تێگەیشتنەوە" هاتوە. چونکە حاڵەتیکی چەند لایەنەیە بەڕاستی. لەیەک کاتدا تراژیدیە بۆ کەسی خۆکوژ، وە لە هەمان کاتدا ئاماژەو هەڵسەنگاندیشە بۆ جۆرە مرۆڤی لەو چەشنە، وە لە هەمان کاتیشدا ئاماژەیە کە دێت و تەواوی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر پرسیارێکی ئەخلاقی گەورەوە. وە لێرەوە، ڕەنگە هەستێکی پۆزەتیف لە دایکببێت، ئەویش دۆزینەوەی نێوەندێکی تر بێت بۆ تەوزیفکردنی ئەو تورەیی و یاخیبونەی کە سەرچاوە لە مەعریفە و تێگەشتنەوە وەردەگرێت.

هەروەها، دەڵێت "خۆکوژی هەروەک وترا، کردەیەکی دژە عەقلانی و وێرانکەرە کە هیچ جۆرە عەقڵیەت و مانای تازە بەرهەم ناهێنێ"(هەمان سەرچاوە، ل٢٤١) بەڵام ئەگەر دیاردەی خۆکوژی لە دیدە زۆر سۆسیۆلۆجیەکەیەوە، بە هێزترین و زەقترین ئاماژەیێت بۆ کۆمەڵگا و خێزانی توندوتیژو بەرهەمهێنی خۆکوژی، ئایا چۆن مانا بەرهەمناهێنێت؟ هیچ نەبێت، خۆکوژیەکە لە دوای خۆی مانا و ئاماژە بە جێدەهێڵێت لە میانەی خوێندنەوەی خودی کۆمەڵگاوە کە بەرهەمهێنی دیاردەی وایە. وە بەبێ خۆکوژی، ڕەنگە نەتوانین ڕادیکاڵیزمی کۆمەڵگاو خێزانی توندوتیژ بزانین و بخوێنینەوە. هەر لەبەر ئەمەیە، لە دوای کرداری خۆکوژیەکەوە، بە هەمو دیو مەعریفەکانیدا، پرسیاری خۆکوژیەکە دەکەین. بۆکراوە، چۆن کراوە؟ چیدی لێرەوە، هەمو فیلدی زانستە مرۆڤایەتیەکان بە خەبەر دێن و هەڵپەی زانیاری دەکەن. بەڵام مەبەستی نوسەر لەو دەروازەیەوە ڕاستە، کە کەسی خۆکوژ وەکو(خۆی) وە لە پێناوی (خۆیدا) هیچ بەرهەمناهێنێت، چونکە خۆیدەکوژێت و هەروەها کاردانەوەیەکی بێهودەیە و بوونی خۆیدەدۆڕێنێت. بێگومان، باس نەکردن و گەورە نەکردنی ئەم قەیرانە لەم پێویستیە مێژوویەدا بۆ هەستکردن بە تاوان، بە جۆرێک لە جۆرەکان بەجێهشتنی تەواوی کایە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و شارستانیەکانە لە بەردەم بەرپرسیارێتی و ئیتیکدا. چونکە باسکردن لە قەیرانەکانی مرۆڤ، باسکردنە لە کۆمەڵگاو شوێنی مرۆڤ. واتە بەرجەستە کردنەوەی ژیان و بونی مرۆڤە لە ئاست گرنگی و بیرکردنەوە لێی بەرپرسیارێتی لەناو زماندا، بانگکردنی تەواوی کەلتوری دادگاییکردنە بۆ تاوانیش، خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی تیرۆرە لەو دیدەوە کە قوربانیەکان ڕیز دەکات و وایان لێدەکات خۆیان بسوتێنن. هەستکردن بە تاوانەکە، هەستێکە زاڵدەبێت، یان خۆی زاڵدەکات بە سەرماندا، وە ئەوەی زمان لێی دەدوێت لە ڕاستیدا بۆ خۆی ئاماژە کردنە بۆ هەستکردن بە تاوان. ڕەنگە، لە ئاستە سۆسیۆلۆجیەکەیەوە، باشترین پرسیار ئەوە بێت ئایا بۆچی پیاوان خۆیان ناسوتێنن لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا؟ خۆکوژی ژنان لێرەدا کۆمەکمان دەکات بە هەمو بارێکیدا تەماشای بکەین، وە چەندیش تراژیدی بێت، چونکە ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی (فالۆسێنترۆمە) و سیستەمی پیاوسالاری دەیبات بە ڕێگاوە. پرسیاری تر، بۆ نموونە، یان ئایا ڕادەی خۆکوژی پیاوان لە ئاستی خۆکوژی ژنناندایەیان نا؟ یان ئەگەر نا، بۆچی؟ وە پرسیاری دیکە، لە بۆ هەمان فیلدی سۆسیۆلۆجی، ئەوەیە، ئایا هۆکارو کەرەستەکانی تر چین کە خۆکوژی پێدەکرێت؟ یان زۆر بەزەقی، ئایا بۆچی ئاگر؟ یان ئایا ئەگەر دیاردەی خۆکوژی دەبینینەوە لە ئاستی ئەوەدا، کە بە(ئاگر) بکرێت؟ ئاگر، بە هەمو شێوەیەک (جەستە) عەدم دەکات، ڕەنگە ئەمەیش جەوهەری هەڵبژاردنی ئەم میتۆدەبێت لە خۆکوژی بە لای منەوە، کە ئەم خوێندنەوەیە زیاتر ڕەهەندە سایکۆلۆژیەکە گەورەتر دەکات، ئەویش لە ڕێگای کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانەوە. واتە خۆسوتان بە هەمو شێوەیەک (عەدمکردنی) جەستەیە، ئەمە بە هەمو شێوەیەک دەبێت پەیوەست بێت بە خودی ئازاد کردن و دەرکەوتنی جەستەوە!! گەر وایێت، لە دیدگا زۆر کۆمەڵایەتیەکەیەوە، ئاماژەیە بەوەی کە (ژنان) لەناو جیهانی (ئاشپە زخانەدا) نزیکن، تاوەکو چەند لەناو خودی ژیاندان، چونکە ئاگر لە وێدا هەیە،و لەبەردەستدایە. خۆسوتان یان هەر جۆرە خۆکوژیەکی دیش، بێگومان ئامانجی چونەدەرەوەیە لەناو تەواوی هاوکێشەی ژیان (بەجێهێشتنی جیهان)، بەڵام بۆچی خۆکوژی بە ئاگر؟ چونکە ئاگر بێدەنگیەکانت دەسوتێنێت؟ حەژمەتی زۆر لەمەدا هەیە. بە هەمو شێوەیەک کار لە جەستە کە دەکات؟ جەستە دەتوێنێتەوە، ئەمە ئاسان نیە بۆ باسکردن بە ڕاستی. خۆسوتان، هەرچی بێدەنگی و پەنگخواردنەوەو مەنگی بیرکردنەوە هەیە، لەناو خۆیدا(ڕۆح) دێنێتە سەر پێست، و لە جەستەدا خۆیانمان پێدەناسێنێت؟ ئایا ئەمە نمایشکردنێک نیە بۆ خودی جەستە لە هەمو هەلومەرجێکی (عەدمکراویدا)، بۆ دەرکەوتن؟ ئەمە نمایشکردنی جەستەیە، کە پێویستی بەو نیشاندان و خۆپێشکەشکردنە هەیە، بۆ ئەوەی دوای خۆکوژیەکە تەماشای بکەین و ببینین؟ ئایا ئەمە جەوهەری ئەتێنشنە لە ڕاستیدا (گرنگی پێدان و ناسینەوەی یەکێک)؟ ئایا هۆی سەرەکی بابەتەکەمان بە دیوێکی تریدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە بۆ خۆی، کە هۆی سەرەکی خۆسوتاندانی ژنان، دەگەڕێتەوە بۆ بونی نائاخافتن و تەنیاییبونی مرۆڤ لەناو شوێندا، یان تەنیاکردنی مرۆڤ، یان لە مرۆڤخستنی مرۆڤ؟

ئەگەر وایێت، ئەوا ئەم هەلومەرجەیش بە هەمو شێوەیەک، مەحکومە بە کۆدی ئاینی و خێزانی پەیرتریارکی و دواکەتوییەوە. ئەگینا، ئاگر تێبەردانی جەستە، لەسەرو هەمو هەستێکی ئارەزوکردنەوەیشەوەیە بۆ زمان/ ئاخافتن؟ چونکە بە دیتنی جەستەیەکی سوتاو بە ئامانجی خۆکوژی، (زمان) نازانێت هیچ شتێک بڵێت، هەر وەکو (چاو) نازانیت چۆن تەماشای پێستی سوتانەکەیش بکات. هەستکردنی بەتەنیایی و گۆشەگیریبون، لەم ئاستەوە کە پەراوێزکردن و پشتگوێخستن دەگەیەنێت، بەرهەمی هەلومەرجی پەیرتریاریکیەتی فەزا ئاینیەکەیە بەهەمو شێوەیەک. خۆسوتان، وەکو تۆڵەکردنەوە بێت وایە، تۆڵەکردنەوە لە خودی بێدەنگی و تەنیاییش لە ڕاستیدا، تۆڵەکردنەوە لە جەستەیەک نەدواوەو نادوێت، ئەگەر لە ئاستە کۆمەڵایەتیەکەیەوە تەماشای دیاردەکە بکەین بە گشتی، دەتوانین بڵێین خۆکوژیەکە ڕادیکاڵیزمی تۆڵەسەندنەوەیە لە تەواوی کایە ستەمکارەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەی بە هەمو شێوەیەک جەستەکەی پەراوێز کردوە تیایدا. ڕادیکاڵیزمی ناو خێزان و کۆمەڵگا، بەڵگەن بۆ نهێنیەکانی یاریکردنی بیرۆکەی (ئاگر) لەناو ئەو جەستانەدا. چونکە" هەمو کەسێک هۆیەکی مەعقولی هەیە بۆ خۆکوشتن، یان هیچ نەبێت بەو شێوەیە وا دەردەکەوێت بۆ ئەوانەی کە پێی دەگەن" ئەم دەربڕینە ئەوە ناگەیەنێت، کە خۆکوژی بە شتێکی باش وێنا بکات، چەند ئەوەندەی دەیەوێت لە تەواوی کایەکانی/ فاکتەکانی/ هۆکارەکانی ئەو هەلومەرجە تێبگات کە ڕێگاخۆشکەرە بۆ کرداری خۆکوژیەکە وە شێرکۆ بێکەسیش، لە دیوانی ئافاتدا، دەڵێت:

" نابێت ئەبێ شتێک هەبێ
ئەو بێشەیەی شێت کردبێ
ئەگینا بۆ دێتە سەر ڕێم..یەخەم
ئەگرێ!؟ "